# کێ دەبێتە خانمی یەکەمی ئەمریکا





هیلاری بەهێزترین پالێوراو ئایا بۆ جاری دووەم کلینتۆنی مێردی دەگەڕێنێتەوە کۆشکی سپی

**ئا: باوکی ژولیان**

لەکاتێکدا کاندیدە کۆماریو دیموکراتەکان لە کێبڕکێدان بۆ بەدەستهێنانی پایەی سەرۆکایەتی ئەمریکاو لەسیمیناری تایبەت بەشەڕی عێراقو ئەفغانستانو ئێرانو تیرۆر رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، لەلایەکی دیکەوە ململانێیەکی بەهێز لە نێوان خێزانی کاندیدەکان بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خانمی یەکەم هاوشانی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بیل کلینتۆن کە بەهێزترین پالێوراوە بۆ ئەوەی ببێتەوە پیاوی کۆشکی سپی بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە هیلاری خێزانی بەپلەی یەکەمی راپرسیەکان دێت بەڕێوە دەچێت.

ئەم رکابەریە توندە لەنێوان خێزانی کاندیدەکان لەو کۆنفرانسە بەدەرکەوت کە لە لۆنگ بیچی کالیفۆرنیاو بەسەرپەرشتی ماریا شیفەری خێزانی حاکمی کالیفۆرنیاو ئەکتەری سینەمایی پێشوو ئەرنۆڵد لەم مانگەدا کۆیکردنەوە. ئەو ژنانەی لەو کۆنفرانسە بەشداربوون بریتی بوون لەهەریەك لە"سیندی ماکین خێزانی کاندیدی کۆماری جۆن ماکین، جیری تۆمسۆن خێزانی هونەرمەندو کاندیدی کۆماریەکان فەرید تۆمسۆن، ئان رۆمنی خێزانی کاندیدی کۆماری میت رۆمنی، میشال ئۆباما خێزانی کاندیدی دیموکراتیو رەش پێست باراك ئۆباما، ئەلیزابێس ئیدواردز خێزانی کاندیدی دیموکراتەکان جۆن ئیدواردز"و هەریەك لە بیل کلینتۆن مێردی کاندیدی دیموکراتەکان هیلای کلینتۆنو جۆدیت ناسان ژنی سێیەمی کاندیدی کۆماری رودی جۆلیانی ئامادەی کۆنفرانسەکە نەبوون.

دوور لە سیاسەت هەریەك لە خێزانی ئەو کاندیدانە باسیان لەو کەشوهەوا بارگاویو پڕ لە خۆشیو شادیو پڕ لەبارگرژی جارجاری دیکە کرد کە دووچاری خانەوادەکانیان دەبێتەوە لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.

**ئافرەتی هاوچەرخ، ئافرەتی نموونەییە**

تەعلیقەکەی ئیدواردز بوو بەهۆی پێکەنینی ئامادەبووان کاتێك سەبارەت بەو درووشمەی کۆنفرانسەکە گووتی" پێموانیە هیچ کەسێك لەئامادەبووان لێرە لەگەڵ ئەو رایەدا بێت" بەڵام لەهەمان کاتدا ستایشی مێردەکەی کرد بۆ ئەو پاڵپشتیەی لێی دەکات لەجەنگی دژ بەنەخۆشیەکەی کە سەرەتانە، ئەلیزابێس ئیدواردز کە پێشتر پارێزەر بووە گووتی" ئەوەی کە هێزی تەواوم پێدەبەخشێ ئەو متمانەیە کە دڵنیام لەهەر ساتێکدا ئامادەیی تێدایە تەلەفۆنم بۆ بکات یاخود لەلام بێت لەنەخۆشخانە" شایانی باسە ئیدواردز بەهۆی ئەو نەخۆشیە بێ چارەسەریەوە کە تووشی هاتووە لەلایەن هۆکانی راگەیاندنەوە جێگای بایەخو گرنگی پێدانەو تەنانەت وای لێهاتووە جەماوەری لەمێردەکەی زۆرتر بێت.

هەورەها بەهۆی رەخنەگرتنی لەهیلاری بەوەی کە مێردەکەی لە هیلاری باشتر بەرگری لەمافەکانی ژنان دەکات زیاتر سەرنجی راگەیاندنەکانی بەلای خۆیدا راکێشا. هەریەك لەو خانمانە دەیەویست بیسەلمێنێ کە ئافرەتێکی سەردەمیو هاوچەرخەو خاوەنی ژیانی پیشەییو تەواوی ئەو خانمانەش بەو شێوەیەن جگە لە ئان رۆمنی کە ژنی ماڵەوەیەو خەریکی بەخێوکردنی پێنج کوڕەکەیو دە نەوەکەیەتیو لەسەر ماڵپەڕە تایبەتیەکەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی مێردەکەی چۆنیەتی دروستکردنی ئەو خواردنانە بڵاودکاتەوە کە مێردەکەی حەزی لێیەتی.

هەرچی تۆمسۆنە کە لە رابردوودا راوێژکاری سیاسی بووە راگەیاندنەکان بەوە تاوانباری دەکەن کە دەیەوێت رۆڵی تیمی هەڵمەتی هەڵبژاردنی مێردەکەی پەراوێز بخات، سەبارەت بەخۆی دەڵێت خەمی سەرەکی گرنگیدانو بەخێوکردنی دوو منداڵەکەیەتی، تۆمسۆن سەردەمێکی زۆرە لە سیاسەتدا کاردەکاتو لەناوەندکانی کۆماریەکان لە واشنتۆن زۆر ناسراوە.

میشال ئۆباما گاڵتەی بە مێردەکەی دێتو دەڵێت وەکو" مامۆستا"یەك هەڵسو کەوت دەکات حەزدەکەم باوەڕبهێنم کە ئەوەندە حیکمەتەی تێدایە کە بزانێت من هەمیشە لەسەر هەقم. میشال خاوەنی دوو بڕوانامایە لە زانکۆکانی بریستۆنو هارڤاردو جێگری سەرۆکی بنکەی تەندروستیە لە زانکۆی شیکاگۆ. هەرچەندە کاندیدەکان بۆ کۆشکی سپی هەوڵ دەدەن خۆیان بەشێوەی هاوڵاتیەکی ئاسایی نیشانبدەنو بۆ ئەم مەبەستەش پەنا بۆ ژنەکانیان دەبەن.

لەم رووەوە خێزانی ئۆباما هەندێك لە خوە خراپەکانی مێردەکەی باس دەکاتو دەڵێت" هەرگیز گۆرەویەکانی ناخاتە ناو سەبەتەی جلە پیسەکانەوە". سیندی ماکین دەڵێت" ئەو چەند ساڵەی هاوشانی

مێردەکەی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەسەری بردووە پەیوەندی نێوانیانی بەهێزتر کردووە، لەکۆتاییدا هەر ئێمە بەیەکەوە دەمێنینەوەو پشتیوانی لەیەکتری دەکەین". هۆکانی راگەیاندن لەم دواییانەدا زۆر بەبایەخەوە باسی لەپەیوەندیەکانی کاندیدەکان بە خێزانەکانیانەوە دەکات، کاندیدە کۆماریەکان کە پابەندن بە بەها کۆمەڵایەتیو خێزانیەکان هەموویان ژنیان تەڵاقداوەو ژنی بچووکتریان هێناوە.

جیری تۆمسۆن بیستو چوار ساڵ لەمێردەکەی بچووکترە، سیندی ماکین هەژدە ساڵ، ئەلزابێس ژنی کاندیدی دیموکراتیەکان دینیس کۆنسینێتش(٦٠ ساڵ) یەکەمین خانمی کاندیدە بۆ خانمی یەکەمی ئەمریکا زمانی کون کردبێتو مرووی زیووی لێدابێت بیستو نۆ ساڵ لەمێردەکەی بچووکترە.

هیلاری کلینتۆنی خاوەن بەهێزترین چانس لەنێو کاندیدەکان بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری ئەمریکا لەدیدارێکیدا بۆ گۆڤاری ئەسنسی ئەمریکی گووتی" مێردەکەم زۆر رۆمانسیەو لە گەڕانەوەیدا لەدوا سەردانی بۆ ئەفریقا زەرافەیەکی تەختەی بەدیاری بۆ هێناوەتەوە. لەگەڵ دەست بەکاربونی هیلاری لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کلینتۆن بە شێوەیەکی رەمەکیو زۆر جار لەبەردەم کامێراکان خۆشەویستی خۆی بۆ هیلاری دەربڕیوەو لەسەر ماڵپەڕی هیلاری لەکاسێتێکی ڤیدیۆیدا کلینتۆن لەکاتێکدا فرمێسک لەچاوانی قەتیس ماوە دەڵێت" زۆر شت هەن لەبارەی هیلاریەوە خەڵك نایزانن" هەروەها کلینتۆن دەڵێت" ئەو چەند ساڵەی دوایی ئەمریکاییەکانی وا لێکردووە باش بیر بکەنەوە، پێموایە دەیانەوێت کەسێك هەڵبژێرن کە باشترین سەرۆك بێتو وا رێکدەکەوێت ئەو کەسەش ژنێك بێت" سەبارەت بە پێگەی خۆی لە کۆشکی سپی کلینتۆن دەڵێت" وابزانم بە بەرپرسی باشترکردنی وێنەی ئەمریکا لەدەرەوە دادەمەزرێم، تاك رەوی ئەمریکا لەشەڕی دژی عێراق کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر ئاستی جیهان لەکاتێکدا باشترینو بێوێنەترین پشتیوانیمان لێدەکرا لە رووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەر".

**دیاردەی خانەوادە سیاسیەکان**

بەدەرچوونی هیلاری کلینتۆن وەکو یەکەمین ئافرەت بۆ سەرۆکی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٨، ئەمریکا لەرووداوێکی مێژویی کەم وێنەدا دوو خانەوادە بۆماوەی بیستو چوار یاخود بیستو هەشت ساڵی لەسەر یەك حوکمی دەکەن ئەگەر هیلاری بۆجاری دووەم هەڵبژێردرێتەوە، ئەم دوو خانەوادەیەش بنەماڵەی(بۆش، کلینتۆن)ن. بەمەش ملیۆنان گەنجی ئەم وڵاتە تەنها سەرۆکەکانی سەر بەم دوو بنەماڵەیە دەناسن، هەر لەسەردەمی جۆرج بۆشی باوك کەچوار ساڵ حوکمی کرد دوای ئەو بیل کلینتۆن هەشت ساڵو دوای ئەویش جۆرج بۆشی کوڕ هەشت ساڵو لەهەڵبژاردنەکانی ئایندەش دەرگا لەبەردەم هەموو ئەگەرەکاندا والایە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەمێژووی خۆیدا چەندین خانەودەی سیاسی ناسیوە وەکو" ئادامز" کە جۆنی باوكو جۆن کوینسی کوڕی گەیاندنە حوکم، خانەوادەی رۆزفێلتیش دوو کەسی خزمی لە خانەوادەکەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەمریکا کرد ئەوانیش" تیۆدۆر، فرانکلین" بوون، لە مێژووی هاوچەرخیشدا خانەوادەی کەنەدی.

دەرکەوتنی کاندیدی دیموکراتەکان خانمی یەکەمی ئەمریکا لەرابردودا هیلاری کلینتۆن لە ژیانی سیاسی ئەمریکادا، مامۆستای زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی" دارتماوس کۆلدج" لە نیوهەمشایەر دەیگەڕێنێتەوە بۆ" زۆری تێچوونی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەئەمریکاو پێویستی بوونی ناوو کاندیدی ناسراو هەر لەیەکەم راپرسیەوە بۆ ئەوەی بتوانن پارەی زۆر کۆبکەنەوە، ئەمە جگە لە ئاڵۆزی رێکخستنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن". مەسەلەی خانەوادە سیاسیەکان لە تەواوی سیمینارەکاندا جێگەی باسو خواسەو کاتێك لەو بارەیەوە لەهیلاریان پرسی وەڵامێکی راستەوخۆ نەدایەوەو گوتی" وابزانم بیل سەرۆکێکی باش بوو، منیش خۆم کاندیدمو بەتەنیا خۆم هەڵبژاردووە" لەهەمان کاتدا بیل کلینتۆنی مێردی چەمکی خانەوادە سیاسیەکان لە ئەمریکا دەڵێت" پرسیاری راستەقینە ئەوەیە ئەگەر هیلاری لەهەموان شیاوتر بێت بۆ سەرۆکایەتی، دەبێ لە رکابەری دو بخرێتەوە چونکە وا رێککەوتووە کە خێزانی منە؟".کەواتە بۆ زانینی ئەوەی کێ دەبێتە جەناب یاخود خانمی سەرۆك و کێ دەبێتە خانمی یەکەم یاخود پیاوی یەکەم تەنها ئەوەندەمان بەدەستە چاوەڕوانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بین لە ساڵی ئایندەدا.

★بۆ ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە سوود لە ئینەرنێت وەرگیراوە.


هەمووان چاویان بڕیوەتە کۆشکی سپی


ئایا ئۆباماو خانمەکەی دەچنە مێژوی ئەمریکاوە وەکو یەکەم سەرۆك و خانمی رەش پێست

# کچان لەنێوان خۆشەویستیو درۆی کوڕە بێوەفاکان

ئا: پەژارە مەمەند صالح

**کچێک"هیچ گرفتێکم نەبوو تا کوڕێک هاتە ناو ژیانمەوەو لەوماوەیەدا جگە لە ئازارو دەرد هیچ خۆشیەکی بەمن نەبەخشی**

خەسڵەتە نێرسالاریە چڕەکەیان، سەرلەنوێ دەبێتە تەوقێك لە چوارچێوەی پەیوەندیەکی ئەوینیانە، دەچێتە ملی زۆر گوڵی پاکیزەو بێتاوان، دواتریش بێشەرمانە بەم بۆنەیەوە لاف مەردایەتیو جوامێر بوونی خۆیان لێ دەدەن.. نازانم ئەمە چ جۆرە خۆشەویستییەکە؟! کوڕان کاتێ بۆ خۆشەویستی دێنە پێشو هەڵوێستی کۆتاییشیان هەموو شتێکە جگە لە خۆشەویستی. چ ئەفسونێك لە خۆشەویستی دایە کە دەیکەن بە داردەستێك بۆ جڵەوکردنی تولە تازە سەر بەدەرهاتووەکان؟!.. ئایا دەبێ خۆشەویستی لایەقی ئەوەبێ؟!، نا جگە لەوەی کە بڵێم دونیای سۆزداری ئافرەتان، کلیلەکەی خۆشەویستیە.. لە سۆنگەی بەتەنگەوەبوونی بۆ خۆشەویستی ئەو دەستە چڵکنە نابینێ کە کلیلەکەی بە دەستەوەیە.. بۆیە گەرەکمە لە ڕێگەی ئەم ریپۆرتاژەوە چیرۆکی چەند کچێکی ئەویندارى دەستی چڵکنی پشت کلیلی دونیا پڕسۆزەکەیان بخەمە سەر پەڕاو.

ئەو کچە ئەویندارەی کە ناوی(نیشتمان)بوو بەم شێوەیە کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆی" هەرگیز لەبیری ئێستای خۆمدا نەبووم، جەستە بێ روحەکەی ئێستای خۆم لەبەرچاوبا، دڵم توند دەگرتو خۆم دەپاراست لە هەرچی شتێك کە ناوی خۆشەویستی لێ بێ. نەمزانی کوڕ ئەوەندە دڕندەیە کە بۆیەك ئارەزووی کوێری خۆی گەورەترین ئاواتی ژیانم دەکوژێ. کوڕە دراوسێکەمان (٨) مانگ لەبن گوێمی خوێند تا وەڵامی بدەمەوە کە چۆن بەختەوەرم دەکات.. کە چۆن کەسێکی باش دەبێ بۆ من. بڕوام پێ کردوو دڵی خۆم دایە دەستی".

ئەوکاتەی وەڵامم دایەوە، نیازم وابوو دوای ساڵێك من بگوازێتەوە تا برا گەورەکەی ژن دەهێنێ. ساڵێکی بەسەرەوە چوو. ڕۆژێك تەلەفۆنی بۆ کردمو گوتی" برایەکەم ئەمساڵیش ژن ناهێنێ، کەوابێ ناچار ئەم ساڵیش تۆناهێنم" لەبەر ئەوەی زۆرم خۆشدەویست ڕازیبووم بەمە، هەرلەو ماوەیەدا کوڕە پورەکەم داوای کردم زۆریش باش بوو، تەنانەت ماڵیشی بۆ دادەنام، کەسوکارم زۆریان پێناخۆش بوو زۆریان لێ دەکردم، بەڵام من بەلامەوە گرنگ نەبوو دەمگوت" نیازی شوکردنم نییە".

ئەمەشم لەیەخە بۆوە، ماوەیەك بوو خۆشەویستەکەم نەدەبینی تا تەلەفۆنم بۆ ماڵیان کرد، خوشکەکەی وەڵامی دامەوەو گوتی: چۆتە ئێران تا شەش مانگی دی نایەتەوە. زۆر نارەحەتو دڵگران بووم. بەڵام دوای چوارمانگ گەڕایەوەو مەسەلەی داواکردنکەم بۆ گێڕایەوەو باسی وەفاداری خۆم دەکرد کە چۆن لەسەر ئەوە قسەیانم شکاند، بەڵام بەداخەوە وەڵامەکەی بە جۆرێك بوو، هەرگیز نەمدەویست ئەوە ببیستم( بە گریانەوە) پێیگوتم" جا بۆ شوت پێنەدەکرد، خزمی خۆتانەو ماڵەوەشتان پێیان خۆشە".

ئەمە بووە وەفاداری ئەو کوڕە هەزار نەفرەتی لێبێ.. کوڕە پورەکەشم ژنی مارەبرکردوو هێشتاش ماڵی پورم لێم زیزن، کەسوکاریشم منیان خۆشناوێ، ئەوە تەمەنم بۆ(٢٤) ساڵ دەچێ ئەم کوڕە ساڵ بەساڵ منی هێشتەوە، درۆی لەگەڵ دەکردم. ئەگەر ئەو ئاقڵ بوایە منی بیر نەدەچۆوە چونکە من زۆر وەفاداربووم بۆی، هێشتا جگە لە سەیرکردنی سەرگوزشتەی رابردووم هیچم لەدەست نایەت. سەر گوزشتەی یەکێکی دی لەو کچانەی کە(٢٥) ساڵ بەسەریدا تێپەڕیوە، قەیرەیی بەروویدا پژاوەو دەیگێڕایەوەو دەیگوت" لەگەڵ کوڕێك یەکتریمان خۆشدەویست، نازانم ئەوە چ وشەیەکی لە خشتەبەرانەو سیحراوی بوو منی بەلای خۆیدا پەلکێشکردوو باوەڕم پێکرد". ئەو بەردەوام دەیگوت" لەماوەیەکی نزیك لە داهاتوودا من دەنێرمە خوازبێنیتو دەتهێنم".

جارێکیان یەکێك پێیگوتم کە خۆشەویستەکەم کچێکی دیکەی خۆش دەوێت، بەڵام کاتێ بەگریانەوە پێمگوت" ئەگەر ئەمە راستە واز لە یەکێکمان بێنە با تەنها یەکێکمان بێبەخت بین".. کەچی خۆشەویستەکەم زۆر بێشەرمانە کە قەت چاوەڕوانی قسەیەکی لەو جۆرە نەبووم لێی گوتی" لەسەردەمی ئێستا بۆ پیاو واباشە دوو خۆشەویستی هەبێ..!"ئەمەش هەڵوێستی ئەو کوڕەبوو کە خۆشم دەویست، بۆیە هەرگیز بڕیاری شوکردنیش نادەم، چونکە دەزانم کوڕان هیچ دەربارەی خۆشەویستی نازانن، بەڕای من ئەوەی بێوەفایە کوڕە نەك کچ. (بێریڤان)-یش لە میانەی پەیوەندیەکی لەگەڵ کوڕێکی لەم جۆرە دوای ساڵێك وازی لێدەهێنێ هەروەکو

**کچێك: خۆشەویستەکەم زۆر بێشەرمانە گوتی لەسەردەمی ئێستا بۆپیاو واباشە دوو خۆشەویستی هەبێ**



خۆی دەیگوت" من بەراستیمەو دێمە داوات" من بڕوام نەکرد لەخۆشیاندا لای زۆرکەس باسی خۆشەویستی نێوانمانم دەکرد، تا گەیشتە ئەو رادەیەی ماڵی خۆمان بەم مەسەلەیەیان زانیو گوتیان"دەبێ هەر ئێستا ئەم کوڕە بێتە داوات" بەڵام ئەوەی کە چاوەڕێ نەدەکرا وەڵامی کوڕەکە بوو کاتێك پێی راگەیاندم کە نیازی چوونە دەرەوەم هەیە.. بۆیە ناتوانم تۆ بهێنم!. بێریڤانیش دەڵێ من نەمتوانی ئەو قسەیە لەماڵەوە بگێڕمەوەو بڵێم ئەو وازی لێهێناوم، بەڵکو دەمگوت" دێتە داوام. بەڵام دوای ئەوەی درۆکەی منیان بۆ ئاشکرا بوو لەماڵەوە زۆر ئیهانەی من کرا، ئەمەش رەفتاری کوڕانە کاتێك بەڵێنی خۆشەویستیان لەگەڵ دەدەی.

(پەری خان)ـیش یەکێکە لەو کچانەی بۆتە قوربانی هەڵوێستی بەدی خۆشەویستەکەی دواکەتوویی خێزانەکەشی دەڵێ" من کاتێ خۆشەویستەکەم دیت لەگەڵ کچێکی دیکەدا پەیوەندی هەبوو، تفم پێداکرد، رۆژی دواتر ئەو کچەی کە لەگەڵی بوو تەلەفۆنی بۆکردم بۆ ئەوەی دڵنیابێ لەوەی من خۆشەویستی بووم، منیش وەکو خۆی هەموویم بۆ گێڕایەوە، ئەویش کە ئەوەی لە من بست لەو تورەبوو وازی لێ هێنا، بەڵام خۆشەویستەکەم لەسەر ئەمە کەوتە رق هەڵگرتن لێمو چووبو لای ئامۆزاکانم باسی کردبوو، ئەوانیش هەستابوون بە ماڵەوەمانیان گوتبوو، لەسەر ئەمە زۆریان لێدام ئازارێکی زۆرم دیت، تەنانەت تا ئێستاش بە چاوێکی سوکەوە سەیرم دەکەن".

ئەمە سەرەنجامی ئەو خۆشەویستیە بوو کە لەگەڵ گەنجێکی ئەو سەردەمە بەستبووم. ئەم کوڕە بووەی هۆی ئەوەی کە ئەم کچە خۆشەویستیو رێزێکی زۆر لەناو خانەوادەکەی لەدەست بدات.. حیکایەتەکان زۆرن ئەم بەد پەیوەندیو سادەییە لە کۆمەڵگای کوردی لە نێوان کچانو کوڕان فاکتەری زۆر کاریگەرە لەسەر رەشەکوژیو زیندەبەچاڵو سوتاندنو خنکاندنی ئەم کیژۆڵە دڵپاکانە، ئەوان دەکەونە ناو تەڵەزگەیەکی وا وێرانەوە کە زۆر جار دەبێتە هۆی لەناوچوونی جەستەشیان، ئەوان گوناهی سپی دەکەن گوناهی سپی خۆشەویستییە، حەرامی ئەم وشەیە بۆتە هەوێنی سەرهەڵدانی چەندان گرفت..

کچێکی دیکەش کە کوڕیك فێری خۆشەویستی کردووەو هەر ئەویش بۆتە هۆی ئەوەی رقی لە خۆشەویستی بێتەوەو چونکە کوڕەکە دوای پێنج مانگ وازی لێدەهێنێ ئەو دەیگوت" من کچێك بووم خاوەنی هیچ گرفتێك نەبووم بەڵام کوڕێك هاتە ناو ژیانمەوەو لەماوەی ئاشنابوونی بەمن جگە لە ئازارو دەرد هیچ خۆشیەکی بەمن نەبەخشی، زۆر بە ئاسانی دوای پێنج مانگ بە یەك تەلەفۆن وازی لێهێنام، ئەمە وای کرد کە رقم لە خۆشەویستی بێتەوە". (گوڵە)ش ئەم کچەی کە کە سێ ساڵ بەدیار کوڕێکەوە بوو براکانی چەندینجار تا دواترۆپك ئازاریان دەدا.

ئەو بە زمانی خۆی دەیگێڕایەوەو دەیگوت"جارێك لەماڵەوە بە سۆندە لێیاندام بۆیە روخسارم تا یەك هەفتە شوێنەواری سۆندەکەی پێوە مابوو". ئەمە سەرگوزشتەی پەیوەندی ئەویندارانەی ئەو کچو کوڕانەیە کە لە کۆمەڵگای بارنەهاتووی کوردی بە خۆشەویستیو ئەوینداری تووشی دەبن، کوڕان بەگشتی درێژکراوەی کولتوورێکی نێرسالاریو دواکەوتووی خۆرهەڵاتین کە خۆشەویستی بێ بەهادەکەن، لەم نێوەندەدا ئەوە کێیە کە زیانی روحیو جەستەیی پێدەگات؟ ئەوە کێیە کە دەکوژرێو بێڕێزی بەناوبانگیەوە دەکرێ؟ ئەوە کێیە دەسوتێنرێو خەونەکانی لە گۆڕدەنرێ؟ ئەوە کێیە خەونی رەنگاڵەییو دونیای جوانی دەبێتە رەنگێکی خۆڵەمێشی؟ بێگومان ..ژن وەك فریشتەیەکی بێگەرد، وەك پەپولەیەکی عاشق بەگوڵ، لەپێناو ژیانێكو ئاڵوگۆڕکردن لە جێگەو ژیانی خۆیان بۆ ناو خێزانێك کە خۆشەویستی کۆیان بکاتەوە..

ئەم حیکایەتانە لەبن نەهاتوون، نابڕێن، هەموو گوناهن، گوناهی کولتوورو ئەو ژینگەیەیە کە قوربانی سەرەکی (مێ)یە، لەم دونیایەدا باجی هەموو خواروخێچیەکان تەنها ئەوان دەیدەن.. ئێستا پێویستە چیبکرێ بۆ ئەوەی ئەم ژیانە خواروخێچە نەمێنێ.. یەکسانی لە عەشقو کۆتایی بێنێ بە کارلێکەرو کارلێکراو، بۆ ئەوەی تراژیدیا چیتر ژیانی کچانی ئەم مەملەکەتە پێکنەهێنێ...

# کێ گوێ لەخەمی گەنجانی ئەم دەڤەرە دەگرێت

**کامەران عەبدە ساڵح**

"ڕۆژانە بێکارم، شوێنێك نیە بۆ چەند کاتژمێرێك کاتی تێدا بەرمەسەر، شارۆچکەکەمان ژمارەی دانیشتوانی لە سەرووی چل هەزار کەسەوەیە، کەچی تا ئێستا باخی گشتی نیە، لەم دواییەدا کتێبخانەی گشتی لێکرایەوە کە لە خانوویەکی دوو ژووری بچوکدایەو، ژمارەی کتێبەکانیشی یەکجار کەمە ! ئێمەی گەنجانی چوارقورنە فەرامۆشکراوینو، دەزگاپەیوەندیدارەکان گوێمان لێناگرن" ئەمە قسەی گەنجێکی دانیشتوی شارۆچکەی چوارقورنە بوو بەناوی (محەمەد حەمید) کە خوێندکاری قۆناغی شەشەمی ئامادەییە.

چوارقورنە یەکێکە لەو شارۆچکە گەورەو بەرفراوانانەی هەرێمی کوردستان کە دەتوانین بڵێین لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەوە بۆ گەنجان تاڕادەیەك پشتگوێخراوە، ئەوەی مایەی سەرسوڕمانیشە ئەوەیە کە تا ئێستا سەنتەرێکی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لەو شارۆچکەیە نابینرێت!. (ئەنوەر)ی تەمەن بیستودوو ساڵ، گەنجێکی دیکەی دانیشتووی چوارقورنەیەو، ڕۆژانە لە مەیدانی کرێکاران دادەنیشێت لە چاوەڕوانی ئەوەدا دەبێت کەسێك بێتو وەك کرێکارێك بانگی بکات، گووتی "کاتێك لە ناوچەکەماندا کارگەیەکی حکومی لێنەبێت کاری تێدابکەمو پارەی دوکان دانانیشم نەبێت، ناچارم کرێکاری بکەم، ئەگەر لەڕووی ناچاریەوە نەبێت هەرگیز ئامادەنیم بە هاوین ئازاری ئەو گەرمای هاوینە بچێژمو بەزستانیش سەرما".

گەنجێکی دیکەی ئەم شارۆچکەیە بەناوی (دڵشاد بەکر) کە زۆر بێزار بوو لە شێوازی بەڕێوەچوونی ژیانی، گووتی "ئەگەر سەریشم دانابێت دەچمە هەندەران، لێرە تروسکاییەك نەماوە بۆ ژیان، هاوڕێکانم هەمویان لە دەرەوەی وڵاتن، جگە لەوەی بارودۆخی ژیانی خۆیان باشە، دەتوانن هاوکاری ماددی خێزانو کەسوکارەکانیشیان بکەن، بەڵام لێرە گەر خۆشت زۆر ماندوو بکەی ئەوا هەر ناتوانی سەرمایە پاشەکەوت بکەیت، چونکە نرخی خواردنو پێداویستیەکان لە بازاڕەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا زۆر بەرزە". بە بڕوای (دڵشاد)، لە دەڤەری بیتوێن گەر بتەوێت کاسبی بکەیت، یان دەبێت دوکاندار بیت یان لە کارگەیەکی بلۆك کرێکاری بکەیت.

کاتێك لەنێو چوارقورنە سواری پاسێکی بچوکی هێڵی (چوارقورنە-ڕانیە) بووم، گەنجێك لە تەنیشتم دانیشت کە تەمەنی لە دەوروبەری بیست ساڵیدا بوو، دیاربوو کە زۆر سەرحاڵ نەبوو، بێئەوەی کەس بیدوێنێت، ڕازی دڵی خۆی هەڵدەڕشتو لەبەرخۆیەوە دەیگووت"هەر دەبێت باوکم ڕازی بێت بە فرۆشتنی خانووەکە تا سەفەری دەرەوە بکەم، ئەگینا ناگەمە ساڵێکی دیکەو لە داخان دەمرم". دوای ئەوەی لەگەڵیدا کەوتمە گفتوگۆ بۆمدەرکەوت کە هەرچەندە لە ماڵەوە هیچ کێشەیەکی نیە، بەڵام (هەوای ئەوروپای کەوتۆتە کەللە)، هەربۆیە وازی لە خوێندن هێناوەو، بڕیاریداوە بە هەرنرخێك بێت ئەم وڵاتە جێبهێڵێت، هێندە خەمی چوونە هەندەرانیەتی، بەردەوام لە ڕێگەی (حەبخواردن)ەوە خۆی بێئاگا دەکات!.

(کەریم) گەنجێکی بیستوپێنج ساڵە، عەرەبانەیەکی دوو تایەی هەیەو، کاری حەماڵی پێدەکات، ئەو جیاواز لە زۆربەی گەنجانی شارۆچکەکەی زۆر دڵخۆش بوو بە کارەکەی، بە خەندەوە گووتی" کارەکەم باشە، تاقەتی کرێکاریم نیە، لەبەرئەوەی لە ئێستادا ژمارەی حەماڵەکان کەم بونەتەوە بەم کاسبییە دەستکەوتی باش بە دەستدێنم". هەروەها گووتی" بەنیاز نیم تا مردن حەماڵی بکەم، پارە کۆدەکەمەوە ئۆتۆمبێلێکی پێدەکڕم بۆ کرێ". (نەوڕۆز) یش کە تەمەنی بیستویەك ساڵ بوو، گووتی" تا ئێستا چەند جارێك لە بنکەی پۆلیسی هاتوچۆی چوارقوڕنە ناوم نوسراوەو ڕەوانەی سلێمانی کراوە بۆ دامەزراندنم، بەڵام ناوم نەگەڕاوەتەوە، خۆشتان دەزانن ئێستا لە هیچ فەرمانگەیەك دامەزراندن نیە".

لەنێو کتێبخانەی گشتی چوارقورنەدا گەنجێکم هێنایە قسە کە خەریکی گەڕان بوو بەناو کتێبەکاندا، لە قسەکانیدا دەرکەوت کە نارازییە لە ژمارەو جۆری ئەو کتێبانەی لە کتێبخانەکەدا هەن، لەو ڕووەوە گووتی"زۆربەی کتێبەکانی ئێرە مێژووی چاپکردنیان بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، کتێبی نوێ کە دەردەچێت زۆر بە درەنگەوە دەگاتە ئێرە".

(موزەفەر ئەمیر) گەنجێکی شەیدای ئینتەرنێتە، گووتی"هەرکاتێك بمەوێت ئینتەرنێت بەکاربێنم ئەوا دەبێت بچمە سەنتەرەکانی ڕانیە بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە هەزار دینار بدەم بە کرێی ئۆتۆمبێل". ناوبراو داواکارە هەرچی زووە ئەو خزمەتگوزارییەی سەردەم بگاتە ناحیەکەیان، چونکە زۆربەی گەنجانی چوارقورنە حەز بە بەکارهێنانی دەکەن.

مامۆستای کۆمەڵایەتی (هێمن مەحمود) لە بارەی هۆکارەکانی بێزاربوونی گەنجانی چوارقورنە بۆمان دواو گووتی"نەبونی ناوەندێك لەم شارۆچکەیە بۆ ڕۆشنبیرکردنو پێگەیاندنی لاوان، نەبونی سەنتەری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت، نەبوونی پەرتوکخانەیەکی ڕێكوپێك، نەبونی شوێنێك بۆ پشوودانی لاوان، ئەمانە هۆکاری سەرەکی بێزاربوونی لاوانی ناوچەکەن لە ژیانی ئێرەو وایانلێدەکات خۆیان بە فەرامۆشکراو بزانن، کە دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی بیر لە چوونەدەرەوەی وڵات بکەنەوە لە پێناو فەراهەمکردنی ژیانێکی شایستە، ژیانێك کە واقیعیەتی خەونەکانیانی تێدا ببیننەوە".

یەکێك لەدەزگا کاراکانی پەیوەندیدار بە لاوانی چوارقورنە، ڕێکخراوی ئازادی لاوانە، بۆ زانینی هەوڵەکانی ئەوان بۆ خزمەتکردنی لاوانی شارۆچکەکە، پەیوەندیمانکرد بە (مولازم عوسمان) لێپرسراوی لقی ڕانیەی ئەو ڕێکخراوە، ناوبراو سەرەڕای ئەوەی کە پێیوابوو لاوانی چوارقورنە بەهۆی بێبەشبونیان لەئینتەرنێتو هۆکارە پێشکەوتوەکانی دیکەی سەردەمی خێرای ئەمڕۆ، لە ژیانی لاوێتی بێبەشن، باسی لەوەکرد کە سەنتەرەکەیان بنکەیەکی لە چوارقورنە کردۆتەوە، گووتی"بنکەی چوارقورنەی ڕێکخراوی ئازادی لاوان بەردەوام کاروچالاکی بۆ لاوانی چوارقورنە ئەنجامدەدات، بەڵام توانای ئێمە بۆ خزمەتکردنی لاوان سنوردارەو، ناتوانین وەك پێویست گرفتەکانیان بۆ چارەسەربکەین. مولازم عوسمان ئاماژەی بەوەشدا کە هەرچەندە تائێستا پەیوەندیان بە دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە کردووە بۆ گەیاندنی چەندین خزمەتگوزاری پێویست



به لاوانی چوارقورنه، بەڵام تەنها بەڵێنیان پێدراوەو، تائێستا هیچکام لەو بەڵێنانە نەچونەتە واری جێبەجێکردنەوە.
گووتیشی"ڕێکخراوی ئازادی لاوان لەڕوانگەی ئەوەوە کە لە دوا کۆنگرەی خۆیدا بڕیاریداوە گرنگی زیاتر بە لاوانی شارۆچکەو گوندو ناوچەدوورەدەستەکان بدات، ئەوەی لەبەرچاو گرتووە کە چوارقورنە یەکێکە لەو شوێنانەی ژمارەیەکی زۆر گەنجی بەهرەمەندو بەتواناى تێدایە لە بوارە جیاجیاکاندا، بەڵام کەس نیە دەستیانبگرێت.

**دەبێت باوکم ڕازی بێت بە فرۆشتنی خانووەکە تا سەفەری دەرەوە بکەم ئەگینا ناگەمە ساڵێکی دیکەو لە داخان دەمرم**

# ئەوگەنجانەی بەجەستە لە کوردستان و بەدڵ لەهەندەرانن

**گەرمیانی حەمەی پوور**

خولیای هەندەران لای خەڵکی کوردستان بە گشتیو لای گەنجان بەتایبەتی لەسەرەتای نەوەدەکانەوە دەستی پێکردو دواتر بوو بە دیاردەیەکی بەرچاو، تا پرۆسەی شەڕی عێراق ـ ئەمریکا گەیشتە ڕادەیەك کە کۆچی بەلێشاوی گەنجی کورد بۆ هەندەران دوورنەبوو کوردستان بێ گەنج بکات. ئەگەرچی لەسەرەتای ئەو دیاردەیە پرسیارت لەهەرگەنجێك بکردبایە دەیان بیانووی هەبوو بۆ جێهێشتنی کوردستان، وەك شەڕی ناوخۆو خراپی باری ئابووریو نەبوونی کارو ئیستغلال کردنی گەنج لەلایەن دەسەڵاتو لە دەستدانی شووناسی گەنج لە کوردستان، بەڵام دواتر دیاردەکە شێوەی چاولێکەری وەرگرت بە جۆرێك کە تا پێش جەنگی عێراق - ئەمەریکا هەر ماڵێك گەر کوڕێکی لەهەندەران نەبوایە هەستی بەکەمو کورتیەك لە خێزانەکەیدا دەکرد، جگە لەوەی کە ئەگەر هەر گەنجێك بیویستبایە کچێك هەڵبژێرێت بۆ هاوسەری ژیانی ئەگەر خاریجی نەبوایە ڕەفز دەکرا.

بەهەرحاڵ لەگەڵ لەناوبردنی ڕژێمی بەعس ئەو دیاردەیە بۆ ماوەیەك نەما، بەڵام دوای دوو ساڵ دیسانەوە دەستی پێکردەوە ئەم جارەیان بەبیانووی ئەوەی (هیچ هیوایەك لەم وڵاتەدا بەدی ناکرێ) بۆیە ئەوەی توانای هەبوو خۆی گەیاندە هەندەرانو ئەوانەش کە خەونی پێوە دەبینن و نەیانتوانی بگەن هەر لێرە خەون بەهەندەرانەوە دەبینن و بەجەستە لە کوردستانو بە دڵ لە هەندەرانن.

محەمەد عەبدولکەریم کە گەنجێکی تەمەن ١٩ساڵو خوێندکاری شەشەمی ئامادەییە هەمیشە بەخەیاڵ لە هەندەرانەو هەرکاتێك کە پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکانی دەگرێت بەخەیاڵ دەچێتە لای ئەوانو لەگەڵیان پیاسە دەکاتو لە دیسکۆکاندا بەخەیاڵی خۆی لەگەڵیان کات بەسەردەبات، بۆیە هەردوای تەواوکردنی قسەکانی لەگەڵ هاوڕێیانی دوورە وڵاتیو داخستنی تەلەفۆنەکەی کاتێ خۆی لەماڵی خۆیان لەکوردستان دەبینێتەوە ئیدی هیچ کەس

**ئەگەر چی ناتوانم بچمە سوید، بەڵام خۆ دەتوانم لێرە تەقلیدی سویدیەك بکەم**

لەماڵەوە ناتوانێت قسەی لەگەڵ بکاتو حەزدەکات هەرچی لایەتی بیشکێنێ.

محەمەد کە هەمیشە لەناو هاوڕێکانیدا بەجلو بەرگو شێوەی قژو هەڵسوکەوتە تایبەتییەکانیەوە دەناسرێتەوە دەڵێ "ئەگەرچی من ناتوانم بگەمە سوید، بەڵام تا ئەو کاتەی کە لێرەم خۆ دەتوانم لێرە تەقلیدی سویدییەکان بکەم، ئەم چاکەتەی بەریشم هەر لەسویدەوە بۆم هاتووە" هەروەها دەڵێت" من هەرچەند بە جەستە لەکوردستانم بەدڵ لە سویدم، بەڵام بەردەوامیش خۆم لە سوید دەبینمەوە، بەڵام وەڵاهی کاتێ بەهۆش دێمەوە هەر لێرەم ئیمان لە کەلەمدا نامێنێتو حەز دەکەم هەرچی لامە بیشکێنمو چەند جارێکیش موبایلەکەم کردووە بەسێ پارچەوە".

سەبارەت بەهۆکاری بێزاربوونی لە کوردستانو خۆشەویستی بۆ هەندەران محەمەد دەڵێ"من لێرە لە هیچم کەم نییە، ئەگەر داوای سەیارە بکەم تا دەڕۆمە ماڵەوە بۆم کڕدراوە، داوای ژن بکەم دووهەفتە نابات، پارەش بەئارەزووی خۆم خەرج دەکەم، بەڵام وەڵاهی کاتێك دەبینم هەرچی خوێندنو شەهادەو ماهادەمانە بۆتە کلاواتو حوکمی وڵات لە ژێردەستی کۆمەڵێك بەرژەوەندی خوازو پارەخۆرەو ئەو هەموو گەنجە بەدبەختە بێکارە دەبینم کە لایەکی بووە بە پۆلیسو ئاسایش، دەرچوانی پەیمانگا دوای ١٤ساڵ خوێندن لەم وڵاتە وێرانە بۆ دامەزراندنیان ماندەگرنو شەوی زستان لە خێمەدا بەسەر دەبەنو کەس گوێیان لێ ناگرێ، وای لێ کردووم کوردستان نەك وەك نیشتمان بەڵکو وەك زیندان سەیر بکەم.

فەرهاد جیهاد گەنجێکی تەمەن ٢٢ ساڵەو هەرچی پارەو پولی هەبوو لە ڕێگەی هەندەران سەرفی کردو دوای هەموو شتێکیش، بەنائومێدی گەڕایەوە کوردستانو هەر بەخەیاڵی هەندەران ڕۆژ بەسەردەبات. فەرهاد دەڵێ "من هیچ گرفتێکی مادیم نەبوو، سەیارەو دوکانی خۆم هەبوو، بەڵام هەر حەزم لە هەندەران بوو، لەبەر ئەوەی کچێکی هاوپۆلی خۆم خۆشدەویست بەهیچ شێوەیەك بیرم لە



بەگەیشتنی گەنجان بە هەندەران بە بەهەشتی خەونەکانەکانیان شاد دەبن

چوون نەدەکردەوە، بەڵام دوای سێ ساڵ خۆشەویستی نێوانمان تێکچوو، زۆر هەوڵم دا پێکبێیتەوە، بەڵام هەوڵەکانم هیچ سودی نەبوو، بۆیە دوای ئەوە هەموو کەرەستەی دوکانەکەمو سەیارەکەمو بڕێك پارەش کە ئەوکات هەبوو هەموویم لەگەڵ خۆم برد بۆ هەندەران، بەڵام دوای چەند جار سنورداش کردنو سەرف کردنی هەموو پارەکانمو دۆڕاندنی هەموو شتێکم ئێستا لێرە بەبێ ئیشو بێپارە کەوتووم، داخی هەمووی بەلایەك داخی خانمیش بەلایەکی تر، بەڵام هەمیشە بەوە دڵخۆشی خۆم دەدەمەوە کەلە هەندەرانم، هاوڕێکانم چۆن باسی ئەویم بۆ دەکەن من لەگەڵ باسەکانیان دەچمە ئەوێو هەر بەجەستە لێرەم".
فەرهاد دوای هەموو شتێك دەڵێت"هەرچەندە هەموو شتێکم دۆڕاند، بەڵام سوێند بەخوا بۆ چرکەیەکیش بووە، هەر ئەبێ بچمە ئەوروپا. ولاّ تێك خۆشەویستی تێیدا تاوان بێت ئیتر بۆخۆی دۆزەخی گەنج نییە؟ کەواتە پێویستە هەموو گەنجێکی بەهۆش کار بۆ ئەوەبکات کە بگاتە هەندەران". سەفەر کرند بۆ هەندەرانو بەجێهێشتنی وڵات تەنها خەونی کوڕانی لاو نییە بەڵکو کچانیش ئەم هیوایەیان لا گەلاڵە دەبێتو خەیاڵی ژیان لە ئەوروپا هەستی داگیر کردوون.
دڵسۆزی تەمەن ١٧ساڵ وەك خۆی دەڵێ "ئەگەر کچ نەبوایەم ئەوا دەمێك بوو لەهەندەران بووم". ئەو دەڵێ" ولاّتێك کە هەموو خۆزگەکانی گەنجی خنکاندوەو کەس نازانێت لێرە چۆنو بۆچی ئەژیو دوا ڕۆژی چۆنە ئەبێ بەچی. گەنجێك کەتۆزێك بیر لەوانە بکاتەوە هەر لەتەمەنی ١٠ساڵیەوە ئێرە بەجێ دێڵێو دەڕواتە هەندەران" دڵسۆز دەڵێت "خۆزگە من کچ نەدەبووم چونکە کچێتیم ڕێگەم پێنادات، ئەگەرنا دەمێك بوو لە هەندەران بووم".
دڵسۆز بەماڵەوەشیانی گووتووە کە هەر دەبێت ڕۆژێك بچێتە هەندەرانو ئیتر نەگەڕێتەوە کوردستان، زۆریش حەزی لە ئەمریکایەو بەهیوایە قسمەتی بکەوێتە ئەوێ.
ئێمە لە بەرامبەر خۆزگەکانی ئەو گەنجانەدا پەیوەندیمان لە گەڵ چەند گەنجێکی هەندەران گرت تا بزانین تا چەند ئەو دونیایەی کە ئەمان خەونی پێوە دەبینن لە هەندەران دەستەبەر کراوە.
ئەرکانە سور کەماوەی سێ ساڵە لە یۆنانە دەڵێ زۆر بەداخەوە بۆیەکەم جارە دان بەوەدادەنێم کە هەندەران ئەوە نەبوو کە منو هەزارانی تر لە مێشکماندا وێنەمان کردبوو. بڕوا بکە ئێرە لەگەڵ گۆڕەپانی لای کرێکارانی خۆمان هیچ جیاوازی نیە، بە ویژدانم ئەگەر لەکوردستاندا بوایەم هەرگیز ئەم کارانەم نەدەکرد کە لێرە دەیان کەم. پشتم لە ژێر شیشو کیسە چیمەنتۆدا شکاوە، لێرە ئەبێ مەمنونیش بیت کە هەرچی جۆرە کارێکت پێ بسپێرن تۆ بیکەیت، ئیشی وا دەکەین کە بەس لە توانای مرۆڤدا نییە.
ئەرکان خاوەنی ژنەو سێ منداڵی لە کوردستان جێهێشتووە دەڵێت"بەو چرکەساتانەی کە بەئارامی لەگەڵ منداڵەکانم تیکەیەك نانم دەخوارد، لێرەو دوور لە خزمو کەسو دوور لە سوعبەتو پێکەنینی هاوڕێیان، دوور لە هەموو شتێك، پەشیمانم، بەڵام عەیبە ڕێگەم پێنادات بگەڕێمەوە کوردستان".
جەزا محەمەد کە ئێستا لە سوید دەژی سەبارەت بە ژیانی ئێستای خۆی لەو وڵاتە دەڵێ "من ئێستا لێرە بەخۆشی ژیان دەگوزەرێنم، خەریکی خوێندنی زمانی سویدیمو لەگەڵ چەند کەسێکی دۆستو ناسیاوم دەژیم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندەران ئەو بەهەشتە دەرنەچوو کە من بۆم دەڕوانیو شەوو ڕۆژ خەوم پێوە دەبینی".
جەزا ئاماژە بەژیان لەو وڵاتەی ئەوروپا دەکات کە هەموو پێداویستییەکی مرۆڤی تێدا دابین کراوەو لەوێ ڕێز لە تاکەکانی کۆمەڵ دەگیرێو هەموو مافەکانی تاکەکەس دابین کراوە. ئەو دەڵێ "ژیان ئەوەیە کەلێرە دەستەبەر کراوە، ئەوە ڕێزگرتنە لە مرۆڤ کە لێرە پیادەدەکرێت، بەڵام من هەر وەك غەریبێك سەیری ئەم وڵاتە دەکەم، هەمیشە دڵم لە کوردستانو لای هاوڕێو خزمو کەسوکارەکەمە" .

Garmyan٨٦@gmail.com

# گوندی " سەید ئەحمەدان"
# پیتو فەڕو ڕەسەنایەتی

**مەحمود عومەر**

**سـەیـد ئەحمـەدان**.یەکێکـە لـە گونـدە دێرینـەکانی دەشـتی پـشدەر، بەڵگـەو نیـشانەکان ئـاوەدانی ئـەو شـوێنە لەپێـش ئیـسلام دەسـەلمێنن. (سـەید ئەحمـەدان) کەوتۆتە باکوری ڕۆژهـەلاتی قـەلادزێو (٥) کیلۆ مـەتر لێیـەوە دوورە. نـاوی گوندەکـە لـەو دارو (چـاکەوە)هـاتووە کـە مەرقـەدو مەزارگەی لـەو شوێنەیە خـەڵکی گوندەکـە پێیان وایە(سەید ئەحمـەد) بـرای (پیربـاو شـێخ حـاجی علـی ئەشـکەنەیی‌و شـێخ نێکۆمەری باوزێ)یـە، دووبـرای دیکـەو سێ خوشـکیان هـەبووە بـەناوەکانی (زێڕنـە، ئایشە، خاتوو بەلکیس) کـە ئێـستاش گۆڕی ئـەم سێ ئافرەتـە دیـارن (زێـڕن)لەنزیـك گونـدی بـاداوا نێـژراوە(ئایـشە) لـە نزیـك سـەید ئەحمـەدەوە نێـژراوە بـەلام هەرچـی (خاتو بەڵکیس)ـە گوایـە تۆمـەتی خراپـەی دراوەتە پاڵو لە ترسی براکـانی لـە رووبـار پەڕیوەتـەوەو رووی لــە چـیای ئاسـۆس کـردووەو تـا مـردووەو لـە ئەشـکەوتێکدا ژیـاوە، ئێـستاش لــە چـیای ئاسـۆس

ئەشکەوتێکی بـەناوبانگی گـەورە هەیـە، لـە ئـاوەوە نزیکـە پێـی دەڵێـن.. ئەشـکەوتی (خـاتو بـەڵکیس) گوایـە ئێـستاش خاتـو بەڵکیس لە( رەبەن)ی ئاسۆس نێـژراوەو لـە سـەرەمەرگی خۆیـدا وەسیەتی کـردووە لـە شـوێنێك بنێـژرێن هـەر (٧)براکـەی لێـوە دیاربن.

**بیۆگرافیای دانیشتوانەکەی:-**

سەید ئەحمەدان بە پێچەوانەی گوندەکانی دەورو پـشتی، دانیـشتوانەکەی سـەر بـە عەشیرەتێکی دیاریکراو نەبووە. هەرچـەندە کەوتۆتـە ناوچـەی مامەشـایەتیەوەو سەرجەم شەڕو کێشەکانی ئاغاکانی پشدەرو جوتیـارە مامەشـەکان لــەو ناوچـەیەدا رووبـەروی یـەکتر بونەتـەوەو تەنانـەت لـە سـالانی شەسـتەکانی سـەدەی رابـردوو چـەندین گونـدی مامەشـایەتی سـوتێنراو دەیـان پیاویـشیان لەسەردەسـتی لەشـکری ئاغاکـانی پـشدەر لـێ کوژرا کەچـی (سـەید ئەحمەدان) بەتەنها لـەم کێـشانەدا بێلایـەن بـوو هیـچ پرشـکێکی شـەڕەکانی بـەر نەکەوتووە.

گوایە لەکۆندا خەڵکانێك لەو گوندە ژیـاون پێیان گوتـوون (مـەنگوڕە ڕووتـە) مـەنگوڕە رووتە، تیرەیەکن لەو شەش تیرەیـەی هـۆزی گەورەی مەنگوڕو لـە تـیرەی (کـا دەروێـشی) یەوە نزیکن. بەلام ئێستا سـەید ئەحمـەدان خەڵکی جۆراوجۆری تێدایە کە هەمووشیان خۆیان بە خـەڵکی گوندەکە دەزانن(مامەش، مـەنگوڕ، نـورەدینی‌و مەرگـەیی) نزیکـەی ( ٧٠)ماڵ دەبـن کـە لـەو شـوێنە نیـشتەجێن‌و سـەرجەمیان بـەهۆی دراوسـێیەتی‌و ژن‌و ژنخوازیـەوە بوونـە خـزم‌و کـەس‌و کـاری یەکتر.

**"شوێنەوارە دێرینەکانی"**

١-کۆنە گونـدی (مـاوەکێ) لـە نزیـك گونـدی سەید ئەحمەدان شوێنەواری کۆنە گوندێك هەیـە پێـی دەڵێـن (مـاوەکی)، گوایـە ئـەم گونـدە لــە سـەید ئەحمـەدان کـۆنترەو دانیشتوانەکەی لە ساڵەکانی سەدەی (١٦و١٧) دا بـەهۆی نەخۆشـی تاعونـەوە قڕانیـان کردووە.

**٢-قـەلاتی سـەید ئەحمـەدان:** ئـەم قەلاتـە یەکێکە لە قەلاتـە دێرینـەکانی پـشدەر کـە





کەوتۆتە ناوەندی دەشتەوەو ئەو قەلاّتەش وەکو قەلاّتەکانی دینکەو قەلاّدزێو زارا بەگڵ هەڵچنراونو روبەرێکی پانو بەرینی زەوی داگرتووە کە نزیکەی (٥)دۆنم زەوییە. سەر قەلاّتەکەش کە گۆڕەپانێکی پانو بەرینەو زالە بەسەر تەواوی دەشتەکەداو پێدەچێت ئەم قەلاّتە هاوتەمەن بێ لەگەڵ قەلاّتی قەلاّدزێ، کە لە شێوەدا زۆر لەیەکتر دەچن. ئەم قەلاّتەش وەکو زۆربەی قەلاّتەکانی دی لەلایەن خەڵکی نامەسئولەوە دەستدرێژی کراوەتە سەرو لە چەندین لایەوە هەڵدڕکراوە، لەهەمان کاتیشدا، هەندێ لە خانوەکانی گوندەکە خەریکە وردە وردە تەنگی پێ هەڵدەچنن.

**٣-چەقەن:** گردۆلکەیەکی سروشتیەو هەندێ ئاسەواری ئاوەدانی بە دیوی رۆژهەلاّتیدا دەبینرێت. بەلاّم بەدیوی رۆژئاوادا هیچ نیشانەو شوێنەواری ئاوەدانی تێدا بەدی نەکراوە. (مام قادر کە پیاوێکی پیری دونیادیدەو بە ئەزموونی گوندەکەیەتی دەڵێ: لە سالاّنی هەشتاکان پیاوێکی پیر کە تەمەنی نزیکەی(١٢٠)ساڵ دەبوو بەناوی( مەحمودە رەش) بۆی گێڕاومەوەو گوتی: لە باوکی خۆمم بیستووەو ئەویش هەر لەخەڵکی پێش خۆی بیستووە کە چەقەن شوێنی نیشتەجێی رۆژ پەرستەکان بووە، هەربۆیەشە بەدیوی رۆژهەلاّتدا نیشتەجێ بوون. وا پیدەچێ مەبەستی لە زەردەشتیەکان بێت.

**٤-گۆڕستانەکانی:** لە سەید ئەحمەدان گۆڕستانی زۆر کۆن بوونی هەیە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە زەردەشتیەکان لەو شوێنە نیشتەجێ بوون، چونکە ئاشکرایە زەردەشتیەکان مردوەکانیان لە گۆڕستانی گشتی نەناشتوون، سەرجەم گۆڕستانەکان هی سەردەمی ئیسلامنو بەرەو قیبلە هەڵکەوتوون، جگە لەچەند گۆڕێکی کەم بەرەو قودس نێژراونو گۆڕی (جولەکە کانن.. ئێستاش گۆڕستانەکانی (بەردێنانو قەبرە وردان)هەن.

**سەید ئەحمەدان خاکی بەپیتو فەڕ)**

سەید ئەحمەدان کەوتۆتە پێدەشتەوەو زەویەکی زۆر شیاوو لەباری هەیە بۆ چاندنی دانەوێڵەو زۆر بە پیتو فەڕە(مام قادر) سەبارەت بەم بابەتە گوتی"ئەوندەی من بیستوومە لەهەموو دەشتی پشدەر جگە لە (نورەدین) هیچ گوندێك هێندەی زەوی بەپیتو باشی نییەو هەر لەکۆنەوە دانیشتوانی ئەم گوندە سەرگەرمی چاندنی دانەوێڵەن لەبابەتی(گەنم، جۆ، نۆك، نیسكو کزن) بوونو بەرهەمێکی زۆریان هەڵگرتۆتەوەو کەمێکیش مەڕدار هەبوون.

**سەید ئەحمەدانی ئێستا**

سەید ئەحمەدان کەوتۆتە سەر خەتی قەلاّدزێو شێنێو تەنها(١٠٠٠)مەتر لە شەقامی قیرتاوەوە دوورە، بەلاّم تاکو ئێستا ئەو هەزار مەترەیان بۆ چاك نەکراوەتەوە. سەبارەت بە کارەباش، لە تەواوی کۆلاّنەکانی ناو گونددا دارتێلی کارەباو تێل بەستراوە بەلاّم سەرچاوەی کارەبای نیشتیمانییەو نەبەستراوەتەوە. جۆگەی ئاوەکەشیان لە خڕی سەید ئەحمەدانەوە هەڵبەستراوە، بەهۆی ئەوەی کە جۆگەکە کۆنکرێت نەکراوە بەشێکی زۆری ئاوەکە بە هەدەر دەچێتو ناگاتەسەر دێبەرو باغەکانیانو ئاوی خواردنەوەشیان ئاوی کانیاوێکەو بەشیان ناکات. بنکەی تەندروستیان هەیەو لەم رووەوە بێ کێشەن، بەلاّم لەبواری پەروەردەو فێرکردندا لەپێش نین، چونکە منداڵەکانیان تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەتوانن بخوێننو دوای دەرچوونیان لە قۆناغی بنەڕەتی واز لە خوێندن دێنن، چونکە خوێندنگەی ناوەندیان نییە، کەمێك لە منداڵەکانیان
رۆژانە هاتوچۆ دەکەن بۆ قەلاّدزێ، بەلاّم زۆرترینی ئەوانە کوڕنو کچان لەو گوندەدا زیاتر تا پۆلی شەشی سەرەتایی دەخوێننو کەسو کاریان بە دەگمەن رێگە دەدەن رۆژانە کچیان بە دووری (٥) کیلۆمەتر هاتوو چۆ بکەن.

**کزن:** دانەوێڵەیە کە لە شێوەی نیسك دایەو رەنگی رەشو تامی تاڵە، تەنها بۆ مەبەستی ئالیکی ئاژەڵ بەتایبەتی مانگا بەرهەم دەهات. زۆر لە(جۆ) بەهێزترو خۆرێتر بوو.



# ئەو فلیمە خۆماڵیانەی سەر سی دی‌و کاریگەریەکانی بەسەر منداڵانەوە

راپۆرت: ئەرسەلان مەحمود

بێئەوەی ئێمە بخرێینە پاڵ قسەکەر، بەو پێوەرەی هەموو ئەوانەی راپۆرتێك ئامادە دەکەن یان بەدواداچونێك ئەنجامدەدەن هەمیشە لەدەرەوەی پەیڤی بەشدار بووانی نێو کارەکەن، کەوابوو بابزانین بڵاوبونەوەی ( CD ) گاڵتەجاڕی‌و کاریکاتێر ئامێزەکان، ئەوانەی کەبازاڕو شوێنە جیاجیاکانی کڕین‌و فرۆشتنی هەریەکێك لەشارو شارۆچکەکانی کوردستانیان بەشێوەیەکی بەرچاو داپۆشیوە، تاچەند لەخزمەتی هونەرەکانی کۆمیدیاو کاری درامایی‌و نواندندان‌و چ کاریگەری‌و ڕەنگدانەوەیەك بەسەر پرسە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەجێدەهێڵن؟..

لەسەرەتادا لانە بابەکر قوتابی کۆلێژ، گووتی" بەهۆی داگیرو دابەشکراوی وڵاتەکەمان چۆن سیاسەت‌و ڕۆڵی سەرکردایەتی کردن دراوەتە زۆرێك‌و بۆتە پیشەو کردەوەو کاردانەوەی هەمووان، ئاواش داب‌و نەریت‌و شێوە کەپتی کۆمەڵایەتی ژیانی کۆمەڵگای کوردی بەهۆی بەندو باوە زۆرو زەوەندە بۆماوەییەکان، دنیایەك نەخۆشی‌و ناخۆشی لەگەڵ خۆی باڵا پێکردووە، یەکێك لەترسناکترین ناخۆشی‌و نەخۆشیەکانیش ئەوەیە ڕۆژانە کۆمەڵێ cdلەو چەشنەو ئەکتەرگەلێکی مۆدێل کوشندە بەناوی کارو کردەوەی هونەری دەردەکەون‌و بازاڕی هونەر، هەرزانفرۆش‌و بێ بەها دەکەن".

لانە لەدرێژەی قسەکانیدا گووتی" هەر کارێکی هونەری بێگومان بەهەموو بەشەکانیەوە ئەگەر لەنێوەرۆکدا هەڵگری میتۆدو دیالۆگێکی بەبنەماو تەندروست نەبوو، نەك هەر ئامانجەکانی خۆی ناپێکێ‌و ناچێتە خانەی کارێکی هونەرییەوە بگرە هەندێکجار زمانی ئاخاوتنی تاکەکانیش دەشێوێنێ‌و کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر بەجێدەهێڵێت، وەك ئەوەی دەبینین ئێستا زۆرێك لەمنداڵانمان‌و تەنانەت گەنجەکانیش جنێوو نوکتەجنێو ئامێزەکانی نێو ئەو جۆرە بەناو کارە هونەریانە بۆتە وێردی سەر زوبانیان".

لانە باسی ئەوەشی کرد هەموو ئەو بێسەروبەریانە وێڕای تێکدانی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی نێوان تاکەکان پرسیار گەلێگەلێکیش لەمێشك‌و زەینی منداڵان‌و مێردمناڵاندا بەجێدەهێڵن‌و بۆ دەسخستنی وەڵامەکانیش بێگومان توشی ئینحرافاتی کۆمەڵایەتی‌و زانستی دەبنەوە، چونکە ئەوان هۆشیاری تەواویان لەهەمبەر دروست‌و ناتەندروستی ئاوها کارێك نییە کەزۆر بەسانایی دەتوانن ببنە بینەری‌و دواجار کاریگەریەکان بەسەریانەوە کاری خۆیان دەکەن.

بەبڕوای لانە "ناتەندروستترین شت کە لەو کارانەدا بەدیکردبێت شێواندنی باری کەسێتی‌و ناشازی مامەڵەکردن بووە لەگەڵ دیاردەو پرسە کۆمەڵایەتیە کۆن‌و تازەکان، دەیگووت" کاری گاڵتەجاڕی‌و کاریکاتێرو کۆمیدیا وەختێ دەچێتە خانەی کاری هونەرییەوە کەئامانجدار بێت پارێزەری کەو هەوای کۆمەڵایەتی‌و گەشەپێدانی ژینگە بێت نەك هەڵڕشتنی گووتەی بێبنەماو بەتەنها پێکەنیناوی، چونکە ئەوە زانراوە بەخاتری بازرگانیکردنەو بەس، هەروەك چۆن داوای ئەوەشی دەکرد لایەنی پەیوەندیدار لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنی پێویست بۆ بڵاوکردنەوەو نەکردنەوەی ئەو جۆرە کارانە بگێرێتەبەر". عەبدولرەحمان ئیسماعیلی کاسبکار یەکێکی دی لەو کەسانەی سەبارەت بەهەمان تەوەر قسەی بۆ کردین، بەزمانە سادەو ساکارەکەی خۆی عەرەبانەکەی دەستی پەناداو بەهەناسە هەڵکێشانێکەوە گووتی" کوری خۆم جا ژیانم ماوە بەدەست ئەو بەرەڵاییەوە" دەتگووت ئازارێکی زۆری چەشتوە هێندە بەنیگەرانیەوە قسەکانی دەکردو دەیگووت" شەش منالم هەیەو گەورەکەیان تەمەنی شازدە ساڵە بەڵام لەهەمووانیان خراپتر ئالودەی ئەو جۆرە فیلمانە بووە، وەختی خوێندنی بردوون"، وەك خۆی گووتی" جگە لەگووتنەوەی قسە بێسەروبەرەکانی نێو فیلمەکان منالەکانی هیچ حیکمەتێکی تر لەوانەوە فێر نەبوون، مام عەبدولرەحمان بەئاواتی ئەوە بوو شەوێك لەشەوان هەواڵەکان لەتەلفزیۆنەوە ببینێت، گووتی" لەبەر سیدی‌و لێدانی ئەو فیلمانە لەلایەن منالەکانمەوە زۆر بەدەگمەن ئەو هەلە بۆم هەڵدەکەوێ، باسی ئەوەشی کرد ڕۆژێك لەکۆبوونەوەی باوکان مامۆستاکان پێیان گووتووە هەردی کوڕت پێی گووتوین من فیلمێکی(...)م پێخۆشترو خۆشەویسترە لەخوێندن‌و لەباوکیشم، سەبارەت بەو ڕێوشوێنانەی کەپێویست دەکات لەلایەن حکومەت‌و لایەنی پەیوەندیدار سەبارەت بەو مەسەلەیە بگیردرێنە بەر مام عەبدولرەحمانی زەحمەتکێش دەیگووت"من نازانم ڕۆژی دەجار پۆلیس پێم دەڵی لێرەو لەوێ مەوەستە سیمای شارەکە تێکدەچێت، ئەو فیلمانە ماڵی سەدی وەك منیان شێواندووەو بازاریان داگرتووە کەس پێیان ناڵێ ئێوە تەجاوزتان کردو کەمێك وەکشێن" مامۆستا ئیبراهیم



عەزیز کەشانۆکارێکی شاری ڕانیەیە سەبارەت بەو بەرهەمانە گووتی" بێشك کاتێك کەئەو فیلمانە دەبینیت گومان لەتێکچوون و نەچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی دەکەی، هەستدەکەی ئەنجامدان و بڵاوکردنەوەی ئەوکارانە بەناوی کاری هونەرییەوە هیچ پاساوێکی بابەتیانە لەپشتیانەوە بەدیناکرێت، سەرەڕاش تێبینی دەکرێت سنورێکیان بۆ پەیداکردنی پارەو پول و ئیمتیازات نەهێشتۆتەوەو هەمیشەش بەدوای گەرمکردنی ئەو شێوە بازاڕەوە بن".

مامۆستا ئیبراهیم گووتیشی" ڕەنگە توێژەرێکی کۆمەڵایەتی یان هونەرمەندێکی خاوەن سەلیقەو خاوەن ئەزموونێکی زۆر باشتر بتوانێ تەفسیرو پێناسەی ئەو کارانە بکات وەڵێ بەبڕوای من بەشێکی زۆر لەو جۆرە cd بڵاوبوونەتەوە ئەوەندەی درۆینەو ئیستغلالکراوێکی هونەرین، نیو ئەوەندە ناتوانی وەك بەرهەمێکی هونەری سەیریان بکەیت، ئەوانە شتی وەختین و ناتوانن لەماوەیەکی کورت زیاتر لەزاکیرەماندا بمێننەوە بەپێچەوانەوە هەموو کارێکی هونەری کارێکی نەمرە، کەوابوو خودی لەدایك بوونیان ئەو ئاسەوارانە کۆناکاتەوە کەدواجار فیلیم و بەرهەمێکی هونەری پێکدەهێنێت".

شکۆ قەڵادزەیی دوا کەس سەبارەت بەهەمان مەسەلە گووتی" لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنانی ئەم فیلمانە ئامانجێکی هونەرییان لەپشتەوە نیەو خوێندنەوەیەکی دروستیان سەبارەت بەپرسە کۆمەڵایەتیەکانی کوردەواری تێدانیە بۆ گەیاندنی پەیامێکی هونەری بەخەڵك بەڵکو هەموو ئامانجەکانیان بازرگانیە بۆ وەدەستهێنانی پول و پارەیە لەو کەسانەی کەلەئەلف و بێی هونەر تێناگەن، لەلایەکی تر وەزارەتی ڕۆشنبیری خەمساردیەکەی لەئاست ئەو جۆرە فیلمانە گەیشتۆتە ئاستێك نەبوونی فیلتەرو سانسۆری پێویست بەئاشکرا بەدیدەکرێ"

شکۆ گووتیشی" دەبێ ئەوە بزانین هونەری کۆمیدیا زۆر جار بەئەندازەی شۆڕشێکی گەورە کاریگەری هەیە" چارلی چاپلنی وەك دیارترین هونەرمەندی کۆمیدیایە بەنمونە هێنایەو گووتی" ئەوەندەی ئەو توانی خەڵك بەگشتی دژی سەرمایەداری کۆبکاتەوەو لەڕێگای کارە هونەریەکانیەوە واقعی سەرمایەداری بەخەڵك ئاشنا بکات هیچ سیاسەتمەدارێك ئەوەی پێنەکرا" هەروەك چۆن ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کەخوێندنەوەی سایکۆلۆژیەتی خەڵك و دنەدانی خەڵك بۆ هەموو ئەو لایەنانەی پێویستن بێگومان کاری هونەرە بۆیە دەیگووت" نەك ئەو گاڵتەجاڕیەی کەناچێتە چوارچێوەی هونەرو ڕەنگدانەوەی زۆر خراپی لەسەر پەروەردەو چەواشە بوونی نەوەی تازە بەجێهێشتووە"..

# بۆ گوڵاڵەی شیعر..

## بۆ کەژەخان.. کەژاڵ ئیبراهیم خدر



**دڵشاد عومەر کاکی**

کەژاڵی گوڵاڵە شیعر دەخوێنمەوە، بەقەد قوڵایی غەمە سەوزەکانی.. وێنەو گوزارشت و دیمەنی نوێ بەر جەستە دەکەم.. شادومانێك دڵی داگیرکردووم، لە سەدای دەنگتەوە..گوتت بیرت دەکەم..دەزانم.. گوێم لە هەناسە غەمگینەکانت بوو..کەژاڵ.. تۆو هەندێکی تر لە کچەکان کوت و مت بوون بە شیعر..تۆ یەکێکی لە گوڵاڵە شیعرەکانی، هەر لەگەڵ وێنەو ناوت لەسەر کاغەزی سپی ڕۆژنامەکان و شوشەی شیرینی ماڵپەڕەکان.. دەدرەوشێیتەوە.. دونیایەك مەرەکەبی ڕەنگاو ڕەنگی عەشق و شیعر...دونیایەك عەتر.. دەڕژێنی.. تۆ بۆ غەمی کچە شەرمنەکان باڵی باڵندەکانت موتوربەی شیعر کردووە، کەژاڵ تۆو کچە شیعرەکانی تریش.. هەتا کچە غەمگین و شەرمنەکانی کورد لەخەو هەستێنن.. هەتا پەنجە زیاتر لە ملی قەڵەم کەن.. زیاترو زووتر، دەبنە کچە کۆتری شیعرو دەشتوانن ببنە کچە...(گەریلای) شیعر.. چونکی کوت و مت شیعر یاخی بوونە. کەژەخان.. ئیدی غەمگین مەبە.. دەزانی یاخی بوون چەند جوانە؟؟تۆو هاودەنگەکانی تۆ باکەمتر دۆستیاری غەم بن.. ئەها یاخی بوون چەند ئینسان جوان دەکات.. ئاخر ئەگەر تۆ شیعرێ لە عەشق و ناڵین پڕنەکەی..؟ چۆن یاخی دەبیت و چۆن دەبی بە گوڵاڵەیەك لە شیعر...؟ من ئەمشەو لە دووریی چەند هەزار میلێکەوە.. بەڕێگای بروسکە ئەلکترۆنیەکانی ئینتەرنێتدا لە بەهەشتە ساردەکەی ئەوروپاوە بە پەنجەکانم خۆشەویستیمت بۆ ڕەوانە دەکەم. ئێستا کات سێی شەوە.. بە ڕۆژت دەسپێرم.

ئەگەر بەیانی ئیمێڵەکەمت خوێندەوە..دەڵێم (ڕۆژباش.. کەژەخان.. گوڵاڵەی شیعر).

ئەڵمانیا ٢٩نۆڤەمبەری٢٠٠٧

## دکتۆردلێر دزەیی:

# ئامادەم لە کوردستان خزمەت بکەم بە مەرجێك پۆستەکەم زانستی بێت نەك حزبی

سازدانی: ئیسماعیل کەریم: ئەڵمانیا

یەکێك لە ڕووە گەشەکانی ژمارەیەك لە کوردانی تاراوگە، بەردەوامیانە لە خوێندن‌و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی خەونە زانستی‌و هونەریەکانان دیارە بەدەستهێنانی پلەی بەرزی خوێندن‌و زاڵبوون بەسەر هەموو ئەو کێشانەدا کارێکی سانا نییە، ئەو گرفتانەی لە ساتەوەختی خوێندندا ڕوبەڕووی خوێندکار دەبێتەوە لە کاتە خۆشەکانی زۆر زیاترن، ئەڵبەتە کەمن ئەو کوردانەی دەتوانن لە ژیانی پڕ غوربەتی تاراوگەو لەژێر ئەو هەموو فشارە دەروونی‌وماڵیانەدا بتوانن دواترین قۆناغی بەرزی خوێندن کۆتا پێ بهێنن‌و پلەی دکتۆرا لە یەکێك لەبوارە زانستیەکاندا مسۆگەر بکات، بۆیە هەمیشە مایەی دەستخۆشی‌و ئافەرینە بۆ ئەوکەسەی دەتوانێت ببێتە خاوەنی ئەو بەها زانستیە گەورەیە، ئەو بەهای دەتوانێت خزمەتی مرۆڤایەتی بەگشتی‌و نەتەوەکەی خۆی بەتایبەتی بکات.. دیارە میلەتی کوردیش لە ئێستادا زیاتر پێویستی بە بەهرەی زانستی‌و بڕوانامەی ئەکادیمی‌و توانای هەموو ئەو مرۆڤە زانستخوازانە هەیە دەتوانن هاوکاربن لەبونیادنانی ساخانی نیشتیمانیمان. لەو میانەوە بە باشمان زانی ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ گەنجێکی کوردی دانیشتووی ئەڵمانیا بکەین کە ئەمساڵ پلەی دکتۆرای لە بواری کیمیادا بەدەست هێنا.. ڕەنگە لای خوێنەر ئاشکرابێت کە ئەم بوارە بوارێکی هێندە ئاڵۆزو گران‌و زانستیەی. پێناچێت هەموو خوێندکارێك توانای ئەوە هەبێ بەهرەی خۆی تێدا تاقی بکاتەوە. دلێر عەلی ئەمین دزەیی لە دایکبووی گەڕەکی کورانی هەولێرە لە ساڵی ١٩٧٣و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی بەشی کیمیا لە زانکۆ سەلاحەدینە لە هەولێر. لە ساڵی ١٩٩٨ لە ئەڵمانیا دەستی بە خوێندن کردووە دووبارە بە کالۆریۆس‌و ماستەری لە زانکۆی لایپزیگ لە بەشی کیمیا لە ساڵی ٢٠٠٣ وەرگرتووەو ساڵی ٢٠٠٣- ٢٠٠٧ لە زانکۆی بۆخم لە ئەڵمانیا نامەی دکتۆرای لەهەمان بواردا بەدەستهێناوەو لە ساڵی ٢٠٠٤- ٢٠٠٧ نوێنەری خویندکارە بیانیەکانی زانکۆی بۆخم بەشی کیمیا بووە. ئەندام بووە لە graduate school of chemistry and biochemistry.

**پ: سەرەتا. دەخوازین بپرسین نامەی ماستەرەکەت دەربارەی چ کارلێکی کیمیایی بوو؟**

د. دلێر: سوپاس ماستەرنامەکەم دەربارەی کارکەری یاریدەدەربوو ئەو کارەکەرە یاریدەدەرانە لە جیاکرنەوەی بەرهەمی جیاجیای تێکەڵاو بەکار دەهێنرێن. بۆ نموونە: نەوتی خاو موشتەقاتی زۆرە، هەر یەکێکیان کێشی مۆلەکولی جیاوازی هەیە. واتە قەبارەی مۆلەکولی جیاوازە. کارەکەرە یاریدەدەرە ( بۆ تێگەیشتن: وەك ئیسفنجە، کونی قەبارەی جیاجیای تێدایە، ئاو بەناویدا دەڕوات بەڵام شلەی چڕتر ناتوانێت بەناویدا بڕوات) دەتوانێت ئەو بەرهەمە جیاوازانە جیا بکاتەوە. من سایکلۆپرۆپانم، کە یەکێکە لە بەرهەمەکانی نەوت بە سێ( ٣) جۆری جیاواز کارەکەری یاریدەدەر، لێرەدا زیۆلایت بەکاردەهێنرێت بۆ جیاکردنەوەی بەرهەمەکە.

**پ: ئایا ماستەرنامەکەت لە هیچ کۆنفرانسێکی زانستی‌و وڵاتی تردا پێشکەش کردووە؟**

د. دلێر: بەڵێ، ماستەرنامەکەم لە چوارەمین کۆنفرانسی جیهانی زیۆلایت لە شاری (کاپ) لە ئەفریقای باشوور لە ساڵی ٢٠٠٤ پێشکەش کردوو لەهەمان کتێبیشدا بڵاوکرایەوە. Proceedings of the 14th International Zeolite Conference, Cape Town, 2004, E. van Steen et al. (Eds.), 2331–2338.

**پ: من لەسەرەتاوە ئاماژەم دا بە مێژووی دەستپێکی نامەی دکتۆراکەت، دەکرێت خۆشتان هەندێك ڕۆشنایی بخەنە سەر؟**

د. دلێر: لە ساڵی ٢٠٠٣ دەستم بە نامەی دکتۆراکەم کرد لەسەر بابەتی Characterization of Metal and Metal oxide and growing of Metal films واتە لیکۆڵینەوە لەسەر

> **من وەکو کوردێك ناسرا بووم هەربۆیە لە نامەی دکتۆراکەشمدا وەکو وڵات نوسرابوو کوردستان دواتر ئاماژە بە عێراق کراوە ئەوەش بۆ یەکەمینجارە کەلەسەر نامەی دکتۆرا لە ئەوروپا وشەی کوردستان بنوسرێت**



**دکتۆر دلێر لەهۆڵی وتوێژ لەسەر دکتۆراکەی**

میتاڵو میتاڵ ئۆکسید، هەروەها گەشەکردنی مێتالفیلم واتە (میتالی تەنك). لەمانگی (٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ تەواوم کردو لە ٩/١٠ گفتوگۆی نامەکەم کردوو بە پلەی باشە وەرگیراو پرۆفیسۆرو سەرپەرشتیارانی گفتوگۆکە ئەمانە بوون: کۆمسیۆنی تاقیکردنەوە

Prof. Dr. Heumann, Rolf (Biochemie II – Molekulare Neurobiochemie) سەرۆکی کۆمسیۆن

1. Prof. Dr. Ch. W□ll (Physikalische Chemie)

2. Prof. Dr. M. Muhler (Technische Chemie)

**پرسیار: گرنگی لێکۆڵینەوەکەت لە چیدابوو؟**

د. دلێر: گرنگیەکەی لە دوو بواری جیاوازدا بوو یەکەم: دەربارەی دروستکردنی گازی مێتانۆ لە دوەم ئۆکسیدی کاربۆنو ئاو. بێگومان ئەو کارلێکردنە بە خۆڕایی رونادات، بەڵکو پێویستی بە کارلێکەری یاریدەدەر هەیە. ئەم کارلێکەرە یاریدەدەرەش لێرەدا ئەوەیە Cu/ZnO/Al2O3 واتە مسو زینك ئۆکسایدو ئەلەمینیۆم ئۆکسید. بێگومان رێژەی ئەو میتالانە رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لەسەر کارکردنی کارلێکەری یاریدەدەرەکە، تا ئەم دیدارەش لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە دەکرێت چ رێژەیەك باشترین چالاکی دەداتە کارلێکەرە یاریدەدەرەکە. لە چوارچێوەی ئەم نامەیەدا چەند مۆدێل سیستەمێکم لێکۆڵیوەتەوە کە رۆڵێکی زۆر گرنگی لە دروستکردنی مێتانۆل هەیە چ بە شێوەی غاز یا شلە. دروستکردنی مێتانۆل رۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە بەکارهێنانی پیشەسازی بەتایبەتی لە پرۆسێسی کارلێکەری یاریدەدەری دوو دۆخ، لەبەر ئەوەی بەشی کارلێکەرە لە زۆربەی بەرهەمە کیمیاییەکان. جگە لەوەی مێتانۆل یەکێکە لەسەرچاوە گرنگەکانی وزەو باشترین ژینگە پارێزە، کە ئەویش گەورەترین سەردێڕە لە تاقیگەی لێکۆڵینەوە جیهانیەکانو هەواڵەکان. بۆ نموونە: هەموو رۆژێك باس لە نرخی نەوت دەکرێت، هەوڵ دەدرێ کەوا سەرچاوەیەکی تر لە جیاتی نەوت بدۆزرێتەوە.. ئەمرۆ بەشیچکی دیاریکراوی ئۆتۆمبێل بە گازی شلە دەرۆن، چەند مۆدێل سیستەمێکیش هەن کە بە هایدرۆجین، وزەی خۆر، شیکردنەوەی ئاو کاردەکەن.

لێکۆلینەوەکانی من بەشیك لە SFB566 ئەمیش بەشێکی لێکۆڵینەوەی تایبەتە کە لە وەزارەتی پیشەسازیو زانستی باڵاو کارگە پیشەسازیەکان ساڵانە بە(٣) ملیۆن یۆرۆ پشتیوانی لێدەکرێت. لەوانەیە بڵێن جگە لە گرنگی هۆکاری تر هەیە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە؟ بەڵێ گەر تەماشای دروستکردنی مێتانۆل بکەین، دەبینین ئەم گازە لە ئاوو دووەم ئۆکسیدی کاربۆنو یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن پێکدێت. ئاو لە دنیا زۆرەو بەشێکی زۆریشی بۆ خواردنەوە بەکار نایەت. دوو گازەکەش هەردووکیان گەورەترین ناکۆکی ژینگە پیسبونن. کەواتە ئەوانەی بەشداری کارلێکردنەکە دەکەن نەك تەنها بەخۆڕایی دەست دەکەون، بەڵکو بەکارهێنانیان گەورەترین سودی هەیە بۆ بەردەوامبوونی ژیان لەسەر رووی زەوی. من لە نامەکەم توانیم رێژەکان لە کارکەری یاریدەدەر بە رێژەیەکی دیاریکراو دیاربکەم، بە واتایەکی تر، کارکەرە یاریدەدەرەکە بە شێوەیەك دروست بکەم کە رێژەی بەرهەمهێنانی زیاتر بێت لە پێشوو.

دووەم: هەر پەیوەندی بەبەشی یەکەم هەیە، لەم بەشەدا هەوڵمدا، گازی دوەم ئۆکسیدی کاربۆن شیبکەمەوە بۆ بەرهەمێکی بەکەڵك تر، یاخود بۆ بەرهەمێك کەوا زیانی بۆ ژینگە نەبیت. رۆژ نییە کە گوێمان لە گۆڕینی دۆخی زەوی نەبێ، رۆژانە هەواڵەکان باس لە لافاو، بومەلەرزە، زیادبوونی رێژەی نەخۆشی شێرپەنجە دەکەن. ئەوانە هەمووی لەبەر زیادبوونی رێژەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە، کە کاری لەسەر تەنککردنی پەردەی ئۆزۆنە لە دەوری زەویدا. زانایان لە هەموو دنیا هەوڵ دەدەن ئەم رێژەیە کەم بکەنەوە، لە کوردستان ئەم باسە نییە، هەرچەندە ئاوو هەواو کەشی کوردستان لە بەکارهێنانی ژمارەیکی یەکجار زۆری ئۆتۆمبێل کە زۆربەیان بەبیچ(گزۆز) واتە بێ فلتەری گاز کاردەکەنو زۆر پیسە. دەتوانین تەماشای زیادبوونی رێژەی نەخۆشی ( رەبۆ، شێرپەنجە) بکەین یاخود گۆڕانکاری هاتن بەسەر بەروبومە کشتوکاڵیەکانو...هتد. ئەو کارەکەرە یاریدەدەرەی من بەکارم هێناوە، یاخود بڵێین بە رێنمایی دیاریکراو دروستم کرد، گازی دوەم ئۆکسیدی کاربۆن بە خۆیەوە دەبەستێتو پلەی شیکردنەوەی بەرز دەکاتەوە. وەك گزۆزی ئۆتۆمبێل ئەو گازە بەناویدا دەڕواتو لەناویدا دەبەسترێتو دەتوانرێت لە کۆتاییدا بەشێوەی گەچ دەربهێنریت. نامەی کۆی دکتۆراکەم لە لاپەڕەی تایبەت بەخۆم لە مالپەڕی زانکۆ بلاّوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی:

http://www-brs.ub.ruhr-uni-bochum.de/netahtml/HSS/Diss//LangenbergDelerAliAmin

**پ: بەرێزتان لە نامەی دکتۆراکەتاندا وەك هاولاّتیەکی عێراقی ناسرای یان وەکو کوردێك؟**

د.دلێر: بەڵێ من وەکو کوردێك ناسراو بووموو هەربۆیە لە نامەی دکتۆراکەشمدا

وەكو وڵات نوسرابوو كوردستان دواتر ئاماژە بە عێراق كراوە ئەوەش بۆ یەكەمینجارە كەلەسەر نامەی دكتۆرا لە ئەوروپا وشەی كوردستان بنوسرێت.

پ: تا ئێستا بیرت لەوە نەكردۆتەوە كە زانكۆكانی كوردستان زۆر پێویستیان بەم بوارەیەو هەژان لەم بەشەگرنگەی زانستدا، بتوانێت تواناو وزەی خۆت لە یەكێك لە زانكۆكانی كوردستان پراكتیزە بكەیت؟

د. دلێر: بەڵێ هەوڵمداوە لە سەفەرێكی پێشووم هەندێ كاری زانستی بۆ زانكۆكانی كوردستان بكەم، بەلاّم ئەوان یارمەتی منیان رەتكردەوە، هەرسێ زانكۆی سەلاحەدین‌و سلێمانی‌و كۆیە.

پ: بۆچی؟

د. دلێر: نازانم بۆچی، بەلاّم پێ دەچێت وەك هەموو دامەزراوەكانی تری كوردستان، زانكۆكانیش پێویستیان بە تەزكیەی حزبی هەبێت، دیارە منیش كەسێكی سەربەخۆم‌و دوورم لەهەرو چالاكیەكی حزبی، تەنها هێندە نەبێت وەك كوردێك شادومانم هەستم بەكارو وەزیفەی خۆم بۆ میلەتەكەم چونكە لام روونە ئەم بەهرەو زانستو بوارەی من كاری تێدەكەم، میلەتەكەم پێویستیەتی‌و منیش دەتوانم لەم بوارەدا خزمەتێك گەر بچووكیش بێت بیكەم بەرامبەر ئەم میللەتەم وەك رەوشی مرۆیی خۆم، خۆم بەبەرپرسیاردەزانم بەرامبەر هەموو دواخوازیەكانی گەلەكەم.

پ: كەواتە ئامادەگی ئەوەت هەیە گەر دەرفەتت بۆ برەخسێ لە كوردستان كار بكەیت؟

د.دلێر: بەڵێ ئامادەم لە كوردستان خزمەت بكەم بە مەرجێك پۆستی كارەكەم لەسەر بنچینەی زانستی بێت نەك حزبی.

پ: ئاستی پێشكەوتنی زانكۆكانی كوردستان لە چاو زانكۆكانی ئەوروپا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

د. دلێر: زانست لە كوردستان لەچاو ئەوروپا زۆر لە دوایە، من دەتوانم ئەو هەڵسەنگاندنە تەنها لەبواری كیمیاو فیزیا بدەم. بەشی پراكسیس (تەتبیقی) زۆر دواكەوتووە.

پ: بەلاّم ئەوەشمان لەبیربچێت كە پەیوەندیەكی بەردەوام هەیە لەنێوان زانكۆكانی كوردستان‌و ئەوروپادا؟

د. دلێر: راستە سەردانی هەمیشەیی هەیە بۆ زانكۆكانی ئەوروپا بەلاّم، سەردانەكان زیاتر تەنها بۆ ئەوەی كە بڵێن پەیوەندیمان لەگەڵ زانكۆی فلان‌و فلان هەیە. كاری راستەخۆ واتە لێكۆڵینەوەی راستەوخۆ لەنێوانیان ئەوەی من بزانم كەمە یاخود نییە.

پ: وەك دەزانین لە كوردستان گرنگی زۆر بە ئەدەب‌و هونەر دراوە، بەلاّم لەبواری زانستدا زۆر دەست كورت‌و هەژارین، ئایا ئەمە هۆكارێك نین كە بڵێین كەسانی زانست پەروەرمان كەمە؟

د. دلێر: بە دڵنیاییەوە زۆر راستە، لە زۆربەی وڵاتانی دونیا هێندەی گرنگی بەبواری ئەدەب‌و هونەر دەدرێت، چەند بەرابەر بەزانست دەدرێت، هەر ئەمەش وایكردووە پێشكەوتنە زانستیەكان هێندە گەشەیان كردووەو چونەتە پیشەوە، كە ئێمەی كورد شەرم دەكەین گەر بڵێین ئێمەش خاوەنی پاشخانێكی زانستین. بۆیە من پێشنیار دەكەم بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان‌و هەموو دەزگاو رێكخراوە زانستی‌و رۆشنبیریە كوردیەكان كە هەندێكیش گرنگی بدەن بە بواری زانستی، چونكە ئایندەی هەموو میلەتانی دونیا پەیوەستە بە زانستەوە. ئەمە لە كاتێكدا ئاستی پێشكەوتنی زانستی هەر میلەتێك چەندێك بەرزو لە پێشەوەبێت. هەموو تاكێكی ئەو كۆمەڵگایە سودمەند دەبێت لێی‌و ئایندەیەكی روناكیش دروست دەكات بۆ نەوەكانی داهاتوو، بۆیە دەخوازم بڵێم.. وەرن باپێكەوە لەماڵی زانستدا تواناو وزەكانم بخەینەگەڕ، چونكە بەردەوامی رەوڕەوەی ژیان پێویستی بە خۆپڕكردن هەیە لە تیشك‌و تاڵەكانی زانستدا.

پ: نامەی دكتۆراكەت لەهیچ یەك لە رۆژنامەو كۆنفرانسە جیهانیەكاندا بلاّوبۆتەوە؟

د. دلێر: بەڵێ لەم رۆژنامەو كۆنفراسانەدا بلاّوبۆتەوە

## دكتۆر دلێر... بەڵێ لەم رۆژنامەو كۆنفراسانەدا بلاّو بۆتەوە

١-رۆژنامەی ev. B 76 (2007) 033410

ناونیشانی بابەت Water on a closed-packed Ru surface: A high-order commensurate adlayer with a high sensitivity towards electron beam damage

٢- رۆژنامەی Angew. Chem. 119 (2007) 5722-5725

ناونیشانی CO2-Aktivierung durch ZnO unter Bildung eines ungew□hnlichen dreiz□hnigen Oberfl□chencarbonats: Resultate einer kombinierten experimentellen und theoretischen Studie

٣- رۆژنامەی Angew. Chem. Intern. Ed. 46 (2007) 5624-5627

ناونیشانی بابەت CO2 Activation by ZnO via Formation of an Unusual Tridentate Surface Carbonate: Results of a Combined Experimental and Theoretical Study

٤- رۆژنامەی Phys. Rev. Lett.95 (2005) 266104

ناونیشانیبابەت\ Hydrogen Induced Metallicity on the ZnO(1010) Surface

٥-رۆژنامەی Angew. Chemie, Int. Ed. 43, 6642-6645, (2004)

ناونیشانی بابەت Partial dissociation of water leads to stable superstructures on the surface of zinc oxide.

٦- رۆژنامەی Angew. Chemie, 116, 6810-6814, (2004)

ناونیشانیبابەت Partielle Dissoziation von Wasser f hrt zu stabilen □berstrukturen auf der Oberfl□che von Zinkoxid

٧-لەژێر بلاّوكردنەوەدایە .. ناونیشانی بابەت

پ: بەڕێزتان ئێستا بەشداری چەند بلاّوكراوەو كۆنفرانستان كردووە؟

د. دلێر: بە پۆستەر (بلاّوكراوە) لە چەندەها كۆنفرانسی ناو ئەڵمانیاو ئەوروپاو ئەمریكا بەشداریم كردووە.

**ناونیشانی پۆستەرەكانم ئەمانە بوون:**

Inetraction and reaction of $CO_2$ on ZnO(10$\bar{1}$0)

Ordnung und Reaktivit□ten von adsorbaten auf Oxid-Einkristallen

Water monolayer's and ice films on Ru(0001)

Cu Wachstum auf ZnO(000$\bar{1}$) mittels HAS und XPS

Experimentelle und theoretische Untersuchungen an der halbdissoziierten Wassermonolage auf der ZnO (l0$\bar{1}$0)-Oberfl□che

6. Isomerization of Cyclopropane on H+-Exchanged Zeolites of Different Types: An in situ DRIFT Spectroscopic Study

پ: لە كۆتاییدا خوازیارین هەردەم سەركەوتوو بیت‌و وێنەتان زیاد بێت.

د.دلێر: سوپاس بۆ ئەوە بەسەر كردنەوەیەتان هەر شادو سەرفراز بن.